دەریای ڕەنگاوڕەنگ

وەرە ئەمشەو .. گپ و بێدەنگ .. خۆت نقوم کە..

لە نێو دەریای هەوەسی ڕەنگاوڕەنگ

مانگەشەوە.. هەموو دونیا لە باوەشی شیرین خەوە

تەنها شتێ وەئاگابێ.. تریفەیە و ..

جریوەی خوێنی هەڵچوومە.. دەمتاسێنێ..!

دەسا وەرە .. وەك دوو ڕووباری خاکێکی غەمگین

با تێکەڵا بین

لە شەتاوی یەك هەوەسدا.. دەست لەملانێ ..

هەردوو بمرین

هەردوو بژین

هەردوو سڕی یەك لەزەت بین ..!

کەس ناتوانێ ..

ڕەنگی دوو ڕووبار

تامی ماچی دوو دڵدار

لە یەکدی بسڕێتەوە ..

تامی ئەمیان لەویتریان .. بدزێتەوە ..!

f

ئەمشەو ..

چ کانییەکی روون: دەتبینم

منیش تینووی هەزار ساڵە

نا .. با هیچ شتێ شێلووت نەکا

نا ... راکشێ .. خۆت لێڵا مەکە

وردە ماسی زۆری خەمت .. سڕ و نوستوون

بەختی خۆمە .. ئەمشەو: مردوون

تریفەکەش .. هەزار رەنگت پێدەگۆڕێ و

هەزار رەنگت پێ بەردەدا

سڕ و بێ دەنگ .. دێمە سەر چۆك

نەك بە قومێ .. یاخود: دوو قوم

ئەمشەو تینووم ..

تا دوا چۆڕ دەتخۆمەوە

تۆزی زۆری سەر لێوانم ..

بە ماچێکی تەڕ و خۆشت .. دەشۆمەوە

من زۆر ماندووم .. ساڵەهایە وا بەڕێوەم

قەت نەنوستووم ..

لە باوەشی پڕ میهری خۆت .. دەنگت نەیە .. بمنوێنە

بە نیگای چاو.. بەو پەنجە ترسنۆکانەت ..

من بدوێنە !

f

وا چاوە زەردەکانی تۆ پێم دەڵێن:

"منم بیابانی وشك و سووتاو

خۆر برژاندمی .. کەچی نەمدی تنۆکێ ئاو!

تۆش بووی بە بارانی یەك شەوە

دە بباریێ و .. خۆش مەکەوە

هەر گڵمتێ

هەر چنگێ لەو لم و خۆڵەم

هەر درزێکم ..

هەر قڵیشێك لەو هەزارەها قڵیشەی خاکە وشکەم..

تینووی دەریایەکی بێبنە

تۆش بارانت هەر ئەمشەوە

تۆ هەورێکی دەربەدەر و هەم کۆچەریت ..

بەخوڕ داکە و .. دە کەرەم کە و .. خۆش مەکەوە

هەرچەند تۆ پتر بباریت ..

منیش پتر دەکرێمەوە

لە رێژنەکەت دەخۆمەوە و ..

لە باوەشتا وەك بەفری پاك .. دەتوێمەوە !

بەیانیش کە هەڵدەستی ..

بە هەر تنۆکێك بارانت ..

من سەد گوڵی زەرد و سوورم ..... دەرکردووە

روو لە هەر لایەك دەکەی ..

من گوڵزاری هەزار باخم رواندووە..!

f

مانگە شەوە..

خەڵکی نوستوون ..

هانێ ئەوە پەیژەی ڕۆحم

ڕووەو ئاسمانی حەزێکی پڕ ئەستێرەم .. زوو سەرکەوە

هەتا بەیانی نەداوە و .... هێشتا شەوە

بۆچی دەنووی.. وەرە بۆ دوا کەڕەت

خۆت نقوم کە لە دەریای بێبنی منی ..

پر لەزەت

f

وەرە کەسم .. ئەمشەو ..

هەر شەپۆلێکی دەریای حەزو هەوەسم.. هەزار ڕەنگە

هەر زەنگێکی خەم و ژانی .. ژەنگ گرتووشم .. سەدان دەنگە

دەسا وەرە .. وەك ئەو مانگە ..

لە ڕووخسارم نزیك بەوە

هەموو (زەمەن) هەر ئەمشەوە

سا.. دەی وەرە ..

هەروەکو شیعری ئەمشەوم .. خۆت ڕووت کەوە

نە تۆ لە مەلە بێزاریت .. نە من لە تۆ ..

نە هەردووکمان ..

لە تریفەی پاکی ئەم مانگەشەوە

نزیك بەوە .. با بکەومە سەرشێتی و گێژەنە و ..

شەپۆلا بە یەکادادان

نزیك بەوە .. دەی نزیکتر

هەندرێنی خەم .. هەڵگوردی ژان.. تێکڕا رمان

نزیك بەوە .. ئەوەن هەڵچووم ..

شەپۆڵە سەرمەستەکانم سەفەریان کرد ..

ئەوا رۆیشتن.. بوون بە پەلکەزێڕینە و ..

گەیشتنە تاقی ئاسمان

بڕژێ بە سەرما .. چییە دەڕژێ؟

تریفەی شیرین ..

یاخود پرشنگی چاوتە؟

دەنگێ وا دێ .. نرکەی دەریا

یاخود زەنگی ناوتە؟

نزیك بەوە.. زوو سەرکەوە ..

"زەمەن" هەر تەنها ئەمشەوە

تا بەیانی نەداوە و .. هەموو دونیا وا خەوتووە

تا دەریای هەوەسی سەرمەستم ..

لە شەپۆڵا و گێژەنەی خۆی نەکەوتووە

زووکە سواری شەپۆلێکی رەنگاوڕەنگ بە

تا دەگەیتە دورگەی لەزەت ..

هەموو دەنگێ ..

هەموو رەنگێ

لای هەردوومان هەم زیندووە و ..

هەم مردووە!

کە گەیشتین .. ئەوسا وەك دوو سواری رووتی ..

ئەسپێکی بێ زین

دادەبەزی .. دادەبەزم ..

هەردوو بە جووت دادەبەزین

تاو نا تاوێ .. ماچی مزر ..

لە لێوی یەکدی دەدزین !

شەوی 983/7/30

سلێمانی